

شعری رۆمانسی

# کیژێک نێوی پێنی خاڵە

د. یوسف زەنگەنە

چاپی لەندەن

2014

# کیژێک

# نێوی

# پێنج خاڵە

## کۆمەڵێک لە هەڵبەستە رۆمانسییەکانی

## د. یوسف زەنگەنە

لەندەن -٢٠١٤-

**زەنگەنە، د. یوسف**

**کیژێک نێوی پێنج خاڵە**

**(هەڵبەستی رۆمانسی)**

**چاپی یەکەم 2014.**

# Zangana. Yousuf, Dr.
# (Kijek Newi Penc Xalle)

# A Girl Called (…..)

**(Romantic Poems)**

**First Edition, 2014.**

**ISBN: 0-9534040-5-6**

# پێشکەش:

- به تۆ.....
- کیژێک به نێوی پێنج خاڵ.
- به هەرلاوێک،

له باوەشی یارەکەیدا،

وەکو کۆرپە،

دەکەوێته سەرگڕوگاڵ،

- به هەرکەسێک کەوا تەمەن،

بەفری سپی باراندبێت به

سەریدا،

بەڵام هێشتا به ووڕک بێت،

له سەرسینەی یارەکەیدا،

وەکو منداڵ.

# (١)

## ئەرێنی

چەندە سەیرن خەڵکی جیهان،
بێ ئەرێنین لە بەرامبەر،
بە هەزاران لە دڵداران،
تێیاندایە جوانی وایان لە دڵدایە،
بوون بە ئیلهامی شاعیران،
بەڵام کە رێز دەگاتە من،
تۆ دەبینن،
چاوو و دڵیان دەقلێشێت،
وەکو زەمینی پێش باران،
دەزانی بۆ؟
کە دەبینن بە بێ وێنەی لە جوانیدا،
لە نێو شۆخانی رووی زەمین،
پەرییەکانیش لە ئاسمان.

# (٢)

# خاڵی رووت

بەر لە ئەوەی خاڵی رووی تۆم،
بێتە بەر چاوو،
سەری سوجدەم، بۆ گشت خاڵێک،
دادەنوان،
خاڵێک، وەکو خاڵی هەتاوو،
لە نێوە راستی ئاسمان،
یەکێکی تر هەرلەوێدا،
بەڵام شەوان،
خاڵ کە زۆرن هەزار هەزار،
بە بێ ژمار،
لە دەفتەری باوەڕمدا،
رەش بوونەوە،

بە خاڵی سەرلێوەکانت،
گشت خاڵەکان،
دەزانی بۆ؟
چونکە ئەمیان،
بە بێ پرسیار،
جوانترینە،
لە هونەری پەروەردگار،
ماوەو تەنها ئارەزوویەک،
لێوی ووشکی دەخەمە سەر،
یا ئەم خەوەش نایەتە دی،
وەکو سەدان،
لە خەونەکان.

# (٣)

# گوومان

سوێند بە پیتی نێوەکانت،
کە جیهانی گشت تێدایە،
بە خاڵی سەرلێوەکانت،
جوانترین خاڵی دونیایە،
بە تیشکی نێو چاووەکانت،
کە بۆ چاووی من سۆمایە،
پرشنگێکی، ئەو گڕەیە
موعجزەی دینی موسایە،
خۆشم دەوێی،
تەنها عیشقی پاکی تۆیە،
ئەوەی کەوا لە نێو دڵ و
لە مێشکدایە.

# (٤)

# خاڵی لێوت

پەشیمانم لەوەی گووتم،
خاڵی لێوت،
جوانترین خاڵی دونیایە،
ئەم دونیایەی کە دەیبینم،
کەی خاڵی جوانی تێدایە،
تەنیا خاڵیک ئافەریدگار،
کووتاویەتی،
هەر ئەوەی تۆی بێهاوتایە.

# (٥)

# وێنەی تۆ

لاوێکم دیت کە گوڵێکی،
لە سەر مێزێک چەقاندبوو
لە نێو گوڵدان،
هێندە جوان بوو،
ببوو بە قیبلەی بینەران،
کە وێنەی تۆم،خستە پاڵی،
دڵم سووتا،
قیبلە گۆڕاو لە خەماندا،
لاوە، گوڵی خۆی هەڵوەران.

# (٦)
# بێدەنگیت

گەر دەتەوێ بمسووتێنی،
بە تیشکی نیگای چاووانت،
گەلێک لە مێژدا، سوتاووم،
خۆشاردنەوەت، وا بزانیت،
دەمبرژێنێ،
گڕی بورکانی لێوانت،
زۆر دەمێکە، بە بێ ئەوەی،
خۆت هەست بکەیت،
کڵپەی خستووەتە هەناووم،
گەر دەتەوێت،

فرمێسکی سوورم ببینی،
لە دووریتدا، هێندە گریام،
تا ووشکی کرد،
ئاووی ڕەش و سپی چاووم،
تەنها ڕێگات لە پێش ماوە، کوشتنمە،
گەر، نا، عیشقت، لە دڵمدا،
هەر دەمێنێ،
تا ئەو ساتەی لە ژین ماووم.

# (٧)

# دوو نامۆ

بۆ وای لێبێت وەک دوو نامۆ،
نیگاکانمان بەریەک کەوون،
وەک دوو بولبوول لە قەفەسدا،
یەکیان بیدارلە خەماندا،
ئەوی دیکەشیان، لە خەوون،
ویستی رۆژگار وای کردووە،
یا ئاوو لێڵکەر،
دوو دڵ رۆژێک ببوون بە یەک،
بەڵام ئەمرۆ،
بە دوو سەمتی دژ بە یەکتر،
دەڵێی دوو مەلی کۆچ رەوون.
ناگەن بە یەک دەڵێی دیاردەی،
رۆژو شەوون.

# (٨)
# خەمەکانم

خەمەکانم وەک شەونمن ،
کە شەو دادێت هەڵدەگیرسێن،
کە رۆژ هەڵبێت،
دەبمە گەڵاو قووتیان دەدەم،
تا یارانم بە بینینیان،
خەمبار نەکەم.

# (٩)

# بۆ لێم زیز بووی؟

کە زیز دەبی،
پەنجەرەکەم جێدەهێلن.
چۆلەکەکان،
ماتەم دەگرن، لە باخچەکەم،
قەنارییەکان،
خورە لە رووبار دەبڕێ،
بەهار دەبێت بە پاییزو،
دادەوەرێ گەڵای دارو
بەرگی گوڵاڵە سوورەکان،
هەتاوو پەنا بۆ هەور دەبا،
کە دایپۆشی و

خەمی دڵمی بۆ باس بکا،
لە تاواندا، باردار دەبێ و
دەکەوێتە ناڵەو گریان،
فرمێسکەکانی بە باران،
شەپۆڵەکان،
وازلە دەریا دەهێنن و
هەڵدێن بەرەو چاوانی من،
سوور دەچەرخێ رەنگی،
شینیان،
مانگ تریفەی نامێنێت و
trووسکەیان دادەمرکێ،
ئەستێرەکان،
رەق دەبنەوە لە خەماندا،
بەفری سپی سەرلووتکەکان،
کانیاوەکان،

ووشک دەکەن و

دەمرن ماسییە ووردیلەکان،

هەر تۆ نەبی،

لێم تێدەگەن،

لە ئاسماندا،

فریشتەکان،

لە زەمیندا،

گیانداران و

بێ گیانەکان.

# (١٠)

# تەنیایی

چەند بێزارم لە تەنیایی،
دەڵێی هەوری بێبارانم،
رووبارێکم بێ ماسی و ئاوو،
ئاسمانێکم بێ ئەستێرە،
بە بێ مانگ و بە بێ هەتاوو،
دەڕوانمە ئاوێنەکان،
خۆم نابینم،
نێگەتیڤی وێنەیەکم پیشان دەدا،
تارماییەک رەشی دەیجوور،
دێتە بەر چاوو،
بەنجەرەکان دەکەمەوە،
بەیانیان،

هاوار دەکەم،
گوێیان تەپەو پڕلە لۆکە،
جیهانیان،
وا هەست دەکەم لە قەفەسدام،
قەفەسێکی بە درەختدا، هەڵواسراوو،
دەڕوانمە دەورووبەرم،
دەستێک نییە بەرەو لام بێت،
ئازادم کات،
بفڕێم وەکو باڵندکان،
بێدەنگ دەبم،
ناڵەی دەروون دەمسووتێنێ،
پەنگ خوواردنی ووشەکانم،
سینەو قوڕگم،
دەدڕێنێ،
پەریە هەواڵ هێنەرەکان،

چەند ساڵێکی بەر لە ئەمڕۆ،

گووتیان کە دێ،

نەهاتیت و دەرنەکەوتی،

پێشیان ووتم،

قەتاری عیشق راوێستاووە،

وا خەریکە، سەردەکەوێ،

سەرنەکەوتی،

لە نێو ژووری چاوەڕوانی،

کپ و ئارام بۆ خۆت خەوتی،

گەر ئەمجارە گەڕانەوە،

فریشتەکان،

پێیان بلێ راشکاوو و

بە ئاسانی،

لەوەی کەوا، لە تەنیایی دەرم بێنی،

پەشیمانی.

# (١١)

# لێم زیز مەبە

لێم زیز مەبە کە جاروبار،
بە بێدەنگم،
شادی لە رووم دەپەڕێت و
زەردە رەنگم،
خەمی دووری و نەبوونتە،
کەوا هێزی لێ چنیووم،
بۆ شادی من وەک هەتاووی،
منیش وەکو تۆپی زەمین،
تیشکی چاووت لە کام لام بێ،
شادی دەباری و پیکەنین،
گەر وا نەبێ.
تاریکستانە ئەو دیووم.

# (١٢)
# بەڵێن شکێن
٢٠١٢/١٢/١٢

بەڵێنت دا هەرووتت دێم،
دەست دەخەمە نێو دەستانت،
شادی دێنم بۆ سەرووت و،
پێکەنینیش بۆ لێوانت،
مەرگی تۆپی زەمین هات و
چەند کاتی ماوە حەیاتی،
بەلام ئەفسووس، تۆ نەهاتی،
لەو دونیادا،
لە یاسای دادگای خودادا،
هیچ دەزانی ئەی بێ بەڵێن،
چییە سزای بەڵێن شکێن؟

# (١٣)

# خۆزگە

له کاتێکدا،

هێزی هەستی بۆن کردنم،

دامرکاوه،

تۆ چرۆت کرد،

بووی بە گوڵ و هاتیتە بوون،

لە نێو دڵی هەمیشە وەک،

گوڵدانمدا،

کاتێک دیدی چاووەکانم،

سۆمای برا،

تۆ هەڵاتی وەکو هەتاوو،

لە بەرامبەر،

چاووانمدا،

وەکو بێژنگ لێوەکانم،
لە تەتەڵەن،
بووی بە بادەی دەستی ساقی و
لێوەکانت، ماڵی بە سەر،
لێوانمدا،
خۆزگە،
گەرچی ئاواتێکی بێ بەهرەیە،
گەڵێک زووتر دەردەکەوتی،
نا، لە کاتی هەڵدانەوەی،
دووا لاپەڕەی رۆژەکانی،
ژیانمدا.

# (١٤)

# چی بکەم

کە ماوەیەک،
وەکو مانگی چوواردە شەوە،
لە پشت هەوری بێ باراندا،
دەبی پەنهان،
سەد سوێند دەخۆم،
کە بتبینم نیگات نەکەم،
ڕێگاش نەدەم،
ووشەیەکم لە گەڵتدا،
بێتە زمان،
بەڵام، کاتێک لە ناکاودا،
هەور سینەی خۆی دادەڕێ،
وەکو هەتاوو،
دێیتە بەرچاوو،

سوێندەکانم هەموو دەبن،
بە هوڵمی ئاوو،
دەفڕێن، دەچن بە ئاسماندا،
دیسان دەبیت، بە مەڵبەندی نیگاکانم،
دیسانەوە وەکو جاران،
دەبیت بە وێردی زبانم
ئەو دڵەشم کە دەمەوێت،
بیکەم بە بەرد،
دیسانەوە دەکەوێتە،
ترپەو لێدان،
خوداوەندا، ڕێچارەیەک،
یا دڵی من پاککەرەوە،
لە بوونی ئەو،
یا دڵی ئەو، لە گشت هەورە،
دەستکردەکان.

# (١٥)

# تینوو

کە بە دیقەت دەڕوانمە لێوەکانت،
بۆ نازانی کەوا تینووی،
قومێک ئاووم،
خوو و ڕەوشتی کوردەواریت،
لە بیر چووە،
بڵێیت فەرموو،
تا دامرکێت،
گڕی دەروون و هەناووم.

# (١٦)

# گڕ

هەر رۆژێک و جووانییەکی نویێ دەنوێنی،
دەڵێی کە باڵندەی عیشقی،
هەر چرکەیەک بۆ گوڵێکی نۆ پشکتوو،
ئاوازێکی نویێ دەخوێنی،
من تاوانم چییە گوڵم،
هێشتا گڕی عیشوەی پێشووت،
دانامرکێ،
بە یەکیتر دەمسووتێنی؟
گەورە خەمیش لێرەدایە،
نە بە شنەی هەناسەکەت،
نە عەتری گوڵی لێوانت،
نایەیت ساتێک،
ئەو گڕانەم دامرکێنی.

# (١٧)
# گوڵ و دڕک

لێم هەڵ مەیە،
خۆ دڕک نیم،
دڕکیش بم،
لە دەوری تۆدا رووا‌وم.
بتپارێزم تا لە دوژمن،
ئێستا زانیت سۆمای چاووم،
من بۆ تۆ چیم،
تۆ چیت بۆ من؟

# (١٨)

# جوانیت

ئەگەر باسی جوانی شۆخێک،
دێتە نێوان،
تەنها شتێک لە جوانییەکەی،
دەبێتە وێردی سەر زمان،
جوانییەکەی تۆ بێوێنەیە،
وەکو هەتاووی ئێواران،
هەم خۆی جوانە،
هەم کە جوانی دەبەخشێتە،
ئاوی دەریا،
پەڵە هەورو خودی ئاسمان،
بۆیە دەڵێم تۆ بێوێنەی،
لە گشت جیهان.

# (١٩)

# نازدارێکی بە بێوێنە

کاتێک مرۆڤ نازدارێکی،
بە بێوێنەی، لە شێوەی تۆی،
دێتە بەر چاوو،
بە دەست و برد،
سەری سوجدە بۆ خوداوەند،
دادەنوێنێ،
پرسیارێکیش لەو چرکەدا،
دێت بە بیردا،
پەیکەرتاشێک،
ئەو پەیکەرەی دارِشتووە،

بڵێیت رۆژێک لە دڵی بێت،
وورد ووردیکاو بیشکێنێ؟
وێنەکێشێک،
بە هونەری پەنجەکانی،
ئەو تابلۆیەی نەخشاندووە،
نازو عیشوەی ژنانەشی،
بە سەر رووەدا باراندووە،
بڵێی هەرگیز، لە دڵی بێت،
ئەو تابلۆیە بسووتێنی،
بە گڕ، گڕی نازو عیشوەی،
دامرکێنێ؟

# (٢٠)

# بەردی پاش بورکان

هیج دەزانی،
تاکو ئێستا لە هەڵەدان،
دەروون ناسان،
کە دڵ رەقن لە چاوویاندا،
کیژۆڵە جوان و ناسکەکان،
تۆ سەلماندت، کە وا نییە،
دڵی سینەت ناسکترە،
کەمێک لە سەنگی چیاکان،
ئەوانەیان رەق گەڕاوون،
لە پاش بورکان!

# (٢١)

# خۆشم ویستی

خۆشم ویستی و سوور دەمزانی
چەندی هەڵەم،
دەشمزانی بۆ یەک بوونمان،
خەیاڵێکە و تەقەللایەکی
بێ بەرهەم،
ئەم رووداوە
نە لە لەوحی خوداوەندی، نووسراوە،
نە دراویشە لە قەڵەم،
خۆی بگرێت و چرۆ بکات،
هەڵبێنێت دەم،

هەورێکیشە، دەبارێنێت،
بارانی خەم،
پێشم ووتی لە بیرم کە،
بەڵام، منی سەرلێشێواو،
تاکو مابم،
قەد پێم ناکرێت،
لە بیرت کەم.

# (٢٢)
# وولاتی خۆشەویستی

بۆ یەکەم جار، کە تۆم بینی،
وێنەت لە مێشک،
تۆمار کرا،
بۆیە کاتی دووەم دیدار
ئاڵای سپیم،
لە دار درا،
تۆش بە نەرمی و بە هێمنی،
میرنشینی دڵی سینەت،
داگیر کردم،
خۆت دامەزراند، بە شا ژنی،

وێنەکەشت، لە جێی ئاڵا،
هەڵواسرا،
تاپۆکەشی بە نێوی تۆوە،
نووسرا.
ووڵاتەکەش کە ووڵاتی
خۆشەویستی و رووناکی بوو،
بە نێوی تۆوە، نێو نرا.

# (٢٣)

# من کە دەمرم

من کە بمرم، بێگۆمانم،
لە گەڵ تەرمە مردووەکەمدا،
دڵۆپێک فرمێسک دەنێژی،
تاکو زیندووم بۆچی نایەیت،
باوانەکەم،
فرمێسکەکەت،
لەسەر سینەمدا بڕێژی؟

# (٢٤)

# تووڕە بوونت

لە کاتێکدا تووڕە دەبیت،
کوڵمەکانت. سوور سوور دەبن،
کڵپەی وەکو گڕی ئاگر دەوەشێنن،
لێوەکانت ئاڵی، ئاڵ، ئاڵ
گرژ گرژ دەبن
لەوەدایە بقلیشێن،
بە لەرزەیان،
عەردو ئاسمان دەهەژێنن،
چاوەکانت وەکو چاووی
مەستی خومار،

شەرابی ناب دادەڕژێنن،
لەو کاتەدا بۆ خواردنەوە،
مەست دەبم ودێمە هەژان،
کۆڵمەکانت بە بێ ئاگر،
دەمبرژێنن.
لێوەکانت وەک گێژەنەی،
ئاووی دەریا،
قووتم دەدەن،
دەمرفێنن.

# (٢٥)
# مێوانخانەی خەم

مێوانخانەی خەمەکانە،
دڵ و مێشکم،
هەر رۆژێک و مێوانێک نوێ،
خەمی کۆنم سارێژ نابێت،
یەکێ نوێتر
دێنێتیە سوێ،
بۆ تۆسقاڵێک شادی و خۆشی،
روو لە کێ کەم،
بڕۆم بۆ کوێ.

# (٢٦)
# پەیامی جەژن

پەیام نەبوو ئەوەی ناردت،
کەوا سڕو بەنجی کردم،
وەکو مەستان،
بیرو هۆشی لە سەر بردم،
وا هەستم کرد کەوا خۆتی،
لەبەر چاووم، راوێستاووی،
جوانتر لە گوڵ،
جوانتر لە مانگ، لە هەتاووی،
وا هەستم کرد پەرییەکی
وەک جەژنانە لە خوداوە،

بۆ دڵخۆشی منی تەنیا نێردراووی،
وەکو تینووی بە ئاوو گەیی و
خۆم هاوێشتە نێو باوەشت،
وەک یەکێکی تیشک نەدیدە،
روانیمە نیگای گەشت،
لە باوەشت، ساتێک دەمویست،
پێبکەنم،
ساتێک بگریم.
ساتێک وەکو زیندانییەک،
پێو دەستانی خۆم ببەستم،
ساتێک وەکو باڵندەیەک،
بەندی قەفەس،
باوەشەکەت، جێبهێڵم،
هەڵبێم، بفرێم،
جاروباریش هەستم دەکرد،

له نێو دەریای چاووانتدا،
وون بووم و وێڵ،
کەشتییەکی بێ کەشتیوان،
کەوتبوومە نێو دەستانی،
بێبەزەیی شەپۆڵەکان،
ساتێک ئارام وەکو دەریای،
ئێواران بووم،
ساتێک سەرشێت،
وەک رەشە با،
ساتێک باهۆز،
ساتێک تۆفان و زریان بووم،
بەڵام ئێستا،
کە بەنجەکە بەریداووم،
کاتێک هۆشم هاتەوە سەر،
زانیم کەوا، پەیامێکی شووشەییەو

تۆ نەماووی،

خەمی دووریت جارێکی تر،

گڕی بەردایە هەناووم،

بە سەر شووشەی داتاکەمدا،

دڵۆپ، دڵۆپ،

فرمێسکی سوێر،

وا خەریکە دادەتکێت،

لە دوو چاووم.

# (٢٧)
# خەیاڵی تۆ

ئەگەر هێندە لە بیری تۆم،
لە بیری ماڵی دونیا بام،
بیری پلە و پایەوە کورسی،
یا خودا بام،
سەرکاروانی پارەدارانی جیهان بووم،
لە نێو لیستی پێغەمبەران،
یاخۆد شاهی شاهەکان بووم،
ئەما،

بەڵام،
زۆر دڵنیام،
یەک ساتێکی خەیاڵی تۆ،
ناگۆڕمەوە،
بێ دوو دڵی و بە بێگوومان،
بە ئەوانەی کە باسکران.

# (٢٨)

# خۆری خۆشەویستی

لەگەڵ ئەوەی کە دەزانی
چیایەکمان لە نێوانە،
بەرزتر لەوەی پیرەمەگروون
لە مەحاڵی حەوتەمینیش تێپەڕیوە،
بۆ یەکتر بوون،
بەڵام خۆری خۆشەویستیت،
لە دڵمدا،
ئاوای ناکات،
گەورەترین، هێزی گەردوون.

# (٢٩)
# خۆڵە مێش

وا نەزانی کە بێدەنگم،
لە مێشکم ناڵە بڕاوە،
کە دەبینی بە بێ کڵپەم،
گڕی دەروون دامرکاوە،
دووریت، هێزی لێ چنیووم،
هەناسەی سینەی بڕیووم،
خۆڵە مێشە، خۆ دڵ نییە،
ئەوەی لە نێو سینە ماوە.

# (٣٠)
# شاگوڵ

دڵتەنگ مەبە نازدارەکە،
گوڵ نەناسێک،
لە گوڵدانی دڵی سینەی،
دەری هێنای،
کاتێک زانی لە جووانیدا،
بۆ شاگوڵان،
وێنەو هێمای،
رانەهات و بە دیتنی جوانی گوڵان،
مەگەر دەکرێت چێژ وەربگرێت،
لە گوڵخانەو لە گوڵستان.

# (٣١)
# ژووان

چاووت لە بەزمی رۆژگار بێ،
لە رێبازی هەڵەی ژیان،
لە پیلانی دژ بە خودای،
هەندێک لە شێخ و مەلایان،
خۆشەویستی، بێت،
بە گوناه،
بێت بە تاوان،
لە ترسی نووکە خەنجەرو
تۆڵەی هەندێ براو باوکان،

ئەم جیهانە پان و پۆڕە،
قەدەغە بێت،
بێت بە زیندان،
کۆمپیۆتەر بێت بە رازدار،
بە جێی ژووانی دڵداران.

# (٣٢)
# تۆی کە جوانی

بۆت نووسیبووم،
"کە چەند جوانن شعرەکانت"،
خوای عشق بکات،
لێم زیز نەبێت، ئەگەر بڵێم،
هەموو دزن شعرەکانم،
جوانی، لە رووت،
گەشی، لە تیشکی چاووانت،
سادە و ساکار،
هێمای دڵ و دەروونتن،
گەرمی لە گڕی لێوانت،

نەرمی لەوەی قژەکانت،
شیرین بوونیان،
ووشەی هەنگوینی زمانت،
راستت دەوێ؟
هەر شعرێکم ئاوێنەیەو
تەنیا وێنەی تۆ دەنوێنێ،
وێنەی خودی خۆتە، ئەوەش کەوا،
بە بێدەنگی،
هەستی منیش دەبزوێنی،
کە تۆی شعریش لە مێشکی مندا،
دەڕوێنی،
هیچ دەزانی،
شعرەکان نین،
تۆی کە جوانی؟

# (٣٣)

# بۆ لە شیرت بڕیمەوە

خۆشەویستیت فێرکردم و
وەکو کۆرپەی دایک مردوو،
زوو لە شیرت بڕیمەوە،
دلێشت وا داگیرکردم،
بە شێوەیەک،
نێووت نووسی لە نێویدا،
لێی دەرنەچوو،
هەزار جاریش سڕیمەوە.

# (٣٤)
# هەڵە

یا من هەڵەم لە ناسینی جوانی تۆدا،
یا بە هەڵە تۆی فریشتە،
بەرەو زەمین نێردراوی،
لە ئاکامی تاوانێکی نەبەخشراوو
وەکو داکە حەواکەمان،
لە بەهەشتدا دەرکراوی،
گەروا نەبێ ئەی بێوێنە،
ئەم زەمینە پر لە فێل و لە تاوانە
کەی شوێنی پەری وا جوانە؟

# (٣٥)
# خۆشم ئەوێی

خۆشم ئەوێی،
زۆرتر لەوەی بۆ یەکتری،
خۆشەویستانی نێو جیهان،
ڤینۆس خۆدای جوانەکانی،
سەردەمێک بوو،
تۆ سەرەتاوو کۆتاییەکان،
ناسکترین درووست کەردەی،
دەستی یەزدان.

# (٣٦)
# سەفەرمەکە

ئەگەر بێت و دەستم بڕوا
تاکەلەکی فرۆکەکانی،
گشت جیهان،
دەتەقێنم،
کەشتییەکانیش،
نوقمی دەریا،
بێ بنەکان،
مێخ ڕێژ دەکەم،

سەرتاسەری رێ و بانەکان،

دەووشکێنم،

کانزاکانی سووتەمەنی،

بۆ هات و چۆی،

گشت خودرۆکان،

تا لە سەفەر،

بێیتە وێستان.

# (٣٧)

# تۆ

تۆ چیرۆکی خەونەکانی شەوانمی،
تۆ سەرچاوەی
دیدو سۆمای چاوانمی،
تۆ پەناگای،
چەتری تیشکی هەتاوو کوژی،
چەتری رۆژی بارانمی،
سایەبانی،
بۆ رێکردن، هێزو پشت و گۆچانمی،
هەناسەمی، خوێنی دڵی،
تۆ ئاوومی، تۆ نانمی،
تۆی کلیلی دەرگای ئیلهام،
تۆ هەوێنی هەست و سۆزو
ووشەی شیعرەکانمی.

# (٣٨)

# من و تۆ

گەر تۆ ببیت بە پەپوولە،
من دەبمە شەم،
گەر تۆ شەم بی من پەپوولەم،
بۆ ماچێکی خوونچەی لێوت،
هەزار جار خۆ،
بە کووشت دەدەم.

# (٣٩)

# عشق و سێدارە

ئەگەر بەرلە،
عیشقی پاکت،
یەکێکی تر دڵی داگیر کردبایەم،
گەر بە تیشکی گڕی نیگای،
چاوویکی تر بسووتایەم،
گەر بە بادەی لێوێکی تر،
بەرلەوەی تۆ،
مەست ببوایەم،
گەر بە داووی، تەڵی خاووی،
قژێکی تر بەند کرابام،
پێم ناووتی، خۆشم ئەوێی،
ئەگەرلە سێدار درابام.

# (٤٠)

# ڕق

نیگام مەکە
بەم شێوەیە،
مەمخنکێنە،
لە نێو دەریای دوو چاووانت،
مەلەوانی کە نازانم،
رقت لێمە ئاشکرایە،
دڵشاد دەبی بە خنکانم،
خۆشویستنت تاوان نییە،
بەڵام، هێشتا، هەر ئامادەم،
پێی ببەخشم سەرو و گیانم.

# (٤١)
# داگیرکەر

قسە دەکەیت، دەردەکەوێت،
کە دژبە داگیرکەرانی،
دژبە ستەم. دژبە ئازار،
پشتوانی مرۆڤانی،
بێتاوانی،
باشە ناڵێی، تاوانی من چی بوو چاووکاڵ،
دڵت داگیرکردم کە هیچ،
بە تەمای گڕتێبەردانی؟

# (٤٢)
# لە نەبوونم

وامدەزانی،
لە نەبوونم ئاهو ناڵەت،
فریشتەکان،
گشت دەخاتە شین و زاری،
ڕۆڕۆ و فیغان،
فرمێسکی وا دەبارێنی،
درووست بکات،
سەیل و تۆفان،
بەڵام دەرکەوەت،

نەبوون و بوون،
وەکو یەک وان،
تەنہا چاووی، منە، بێ تۆ،
کە دەیبینن،
هەموو دەڵێن،
هەزار رەحمەت،
لە بارانی چلەی زستان.

# (٤٣)

# چاووت

تاکو ئەمڕۆ،
هەرچی باسێک،
لە جوانی چاووان کرابێ،
هەرچی شێعرێک بۆ ئەفسوون و
تیری چاووان،
گووترابێ،
هەر تابلۆیەک، لە جیهاندا،
بۆ چاووی جوان کێشرابێ،
ناگات بە یەک،
نیگای چاووت،
لە کاتێکدا،

وەک هەتاووی،
تۆی لووتکەکان،
خۆی دەنوێنێ،
لە پشت تاری،
قژی خاووت.

# (٤٤)

# یاسای جیهانی پەرییەکان

که بێدەنگی
وا هەست دەکەم،
ئیسرافیل بوقی نەمانی،
گیاندارانی،
رووی گۆی زەمینی لێداوە،
جیهان هێندە کش و ماتە،
دەڵێی کەسی تێنەماوە،
لە جیهانی ئێمەی مرۆڤ،
ئەم کارەی تۆ ناڕەوایە،
ئایا لەوەی ئێوەی پەڕی،
ئەمە باوە؟

# (٤٥)

# گوڵێکی ڕەش پۆش

کە وێنەکەت هاتە بەرچاوو،
وا هەستم کرد،
سەدان ساڵە کە بینیومی،
هەروام زانی تۆ ئەو گوڵەی،
لە منداڵی،
لە گوڵدانی دەروونمدا،
من چاندومی و
من چنیومی.

# (٤٦)
# دڵی شەم

دڵی من و دڵی شەمی،
گڕ تێبەربوو،
وەکو یەک وان،
ئەو بۆ ماچێکی پەپوولە،
دێتە سووتان،
من چرکەیەک باوەش لێدان،
بەڵام نە ئەو،
هەرگیز دەگات بە ئارمانی،
نە باوەشی ساردی منیش،
گەرم دەبێت،

بە گڕی تیشکی چاووانی،
بۆیە کاتێک دەڕوانمە،
تاوانەوەی نەرمی شەمێک،
پاشە ڕۆژی خۆم دەبینم،
دڵۆپ، دڵۆپ،
خەمی دووری دەمتکێنی،
چاوەڕوانی،
هەروەکو شەم،
نەرم نەرم دەمسووتێنی.

# (٤٧)

# نازدارە درۆزنەکە

"ئەگەر ووتیان ئەوا دەمرێ،
تەماشای کەم،
کە مەحاڵە،
ئیتر قسەی لە گەڵ بکەم،
بۆ ئەو ئەمەیان،
خەیاڵە."
بە پێشمدا کە تێپەڕیت،
قژی خاووت،
وەکو لاولاو،
بەلای مندا داخزابوو،

بە ئەولادا پێت خلیسکا،

ئەگەر راستە،

نازدارەکەم،

بۆ نەتبینی،

لایەکەی تر،

دار تەلێکەو

یەک دوو چاڵە؟

# (٤٨)

# گەر دەتزانی

گەر دەتزانی،
خۆشەویستیت لە دڵمدا،
چەندێ بەرزە،
چەندی زۆرە،
لە چاوویدا هەتاوو تەنها،
چەند هەنگاوە،
دەریاکانی جیهان پێکرا،
لە چاویدا،
قومێک ئاوە،
لێم تێبگەیت،
ئەوجا دەڵێیت،

نەخێر، عیشقی خوداوەندی،
هێشتا ماوە،
گڕ تێبەر بوون،
لە دەروونی ئەڤینداران،
هێشتا باوە.

# (٤٩)

# منیش عاشقم

که منداڵ بووم،
زۆر دەترسام،
لە شین و ناڵەی عاشقان،
فرمێسک رشتن،
شەو نەخەوتن،
تلانەوە لە سەر جێگا،
شەو تا بەیان،
شیعری هەندێ شاعیرانیش،
لەرزیان دەخستە لەشمەوە،
لە ترساندا،
بە شەوو رۆژ،

دەست لە ئاسمان،
لە نزا بووم،
کە شۆخێکم نەیەتە رێ،
وەکو ئەوانم بە سەربێ،
ئەو نزایەی لێوەرگرتم،
کاتێک زانی هێشتا ووردم،
بەڵام خودا،
لە ئاکامدا، کاری خۆی کرد،
شێت و شەیدای،
پەنجا ملیۆن،
کیژو کوڕو گەنج و پیری،
کوردی کردم.

# (٥٠)

# حسودی بە ئەلبووم

نە حسود بووم،
لەم ژیانە،
نە وەک کەڵە،
خۆ ڕاگرێک،
هەرگیز حەزم لە شکانە،
تا ئەو ساتەی کە وێنەکەت،
شا شوێنێکی داگیر نەکرد،
لە نێو دڵی ئەلبوومەکەم،
کە ڕوانیم تاجی سەری،
ئەلبوومی هەموو جیهانە،
بڵێی رۆژێ داگیرکەرێک،

لەو بابەتە
هێرش بێنێ،
دەرگای دڵم بکاتەوە،
قوولترین شوێنی داگیرکا،
لە نێوێدا،
شاژنانە پاڵداتەوە،
یاخود وەک و نوکەو ئێستا،
هەر ئەلبومی خەمەکانە،
دەریایەکەو بۆ هەمیشە
لە نێویدا،
باهۆزو تەم و زریانە.
جوانترین وێنەش لە تۆیدا،
وێنەی فرمێسک و گریانە.

# (٥١)
# تۆویستن

ڕەنگە ڕۆژێک،
گشت دەریاکان،
ووشک بکەن و
بمرن هەموو ماسییەکانیان،
گڕ بەربێتە گوڵزارەکان،
ڕەش وەرگەڕێن،
دارو گەڵاو گوڵەکانیان،
ڕەنگە ئیتر،
چۆڕەی نەیەت،

لە رۆژێکدا ئاووی رووبار،
ئاووی کانی،
لە شەوێکدا هەتاوو بمرێت،
ئیتر هەرگیز نەیەتە چاوو،
گەشی رووپی و
قژی زەردی و تەڵەکانی،
رەنگە رۆژێک بەربێتەوە
شینە ئاسمان،
گشت دامرکێن،
مانگ و رۆژو ستێرکانی،
رەنگە رۆژێک تۆپی زەمین،
بقلیشێت،
لوورف بدات،
دارو بەردو،
سەرجەمی دانیشتوەکانی،

بەڵام هەرگیز رۆژێک نایەت،
بێتە مێشکم یا زمانم،
لە تۆ ویستن،
پەشیمانی،
ئەی بێ وێنە،
لە هوونەری سەرزەمین و
لە هوونەری ئاسمانی.

# (٥٢)
# خونچە

بەیانیت باش
تۆ خۆت خۆنچەی
نازدارەکەم،
ئارامی دڵ،
خونچەکانی وەرزی بەهار،
لە حەسرەتی جوانی تۆدا،
یەک یەک، دوو دوو،
هەزار، هەزار،
دەقلیشێن،
دەبن بە گوڵ،

که ناتوانن،

ببن به تۆ،

دەکەوونه شین و رۆڕۆ ،

له داخاندا،

خۆ ڕاناگرن له دەوری چڵ،

خۆ دەکوژن،

دەوەرێن و

دەبن به گڵ.

# (٥٣)

# قلیشی لێو

ئای کە سەیرە چارەنووسم،
لەوەتەی هەم هەرلە قلیش من ترساووم،
ترس دەخاتە چاوو دەروون و هەناووم،
تا منداڵ بووم،
قلیشی خاک دەیتۆقانم،
وام دەزانی دەم مژێت و قووتم دەدات،
وورد وورد دەکات،
ئێسکەکانم،
بەڵام ئەمڕۆ کە گەورە بووم
دەڕوانمە قلیشی سەرلێوەکانت،

دڵ دەخاتە کووتە کووتو،
لەرزیش لە سەرتا پێی گیانم،
چێ سرێکە، خوداوەندا
سەرلێشێواووم، نازانم.
ئەویان منی هەڵدەمژی،
بۆ مژینی ئەمەیانە،
ئێستا برژان و سووتانم.

# (٥٤)
# عشقێکی پاك

پێشکەشە، بەو کەسانەی کە لە عیشقی پاک گەیشتوون و ڕێزی لێدەگرن و هەتاهەتایە بە پاکی رایدەگرن و خۆشەویستی لە پێناوی خۆشەویستیدا دەکەن و بەو کەسانەی بە هەڵە لێی گەیشتوون، بە هیوای راست کردنەوەی هەڵەکانیان.

کە پێت دەڵێم خۆشم دەوێی،
مەبەستمە، عیشقێکی پاک،
وەک دەروونم،
خۆشم دەوێی،
وەک ئەوەی هەی،
وەک ئەوەی هەم،

بە بوونت و بە نەبوونم،
گەورە، بچووک،
ناشیرین، جوان،
وەک تازە بووک،
قەڵەو ، باریک،
هەر وەکو نەی،
بێ مێرد، مێرددار،
دەوڵەمەند بی یا خود هەژار،
سپی وەک بەفر،
سەوزەی تاریک،
خۆشم ناوێی،
بۆ بەزمی شەو،
دەم لە نێو دەم،
خۆشم دەوێیت تاکو،
بۆ من پەپوولە بیت،

منیش بۆ تۆ ببم بە شەم،

دوو عاشقی هەمیشەیی،

هەرگیز نە تۆ،

بە من بگەیت،

نە من هەرگیز،

بە تۆ بگەم.

# (٥٥)

# وورێنە

پێشکەشە بە (.....) ئەو بێ دڵەی کە لە رۆژی لە دایک بوونیدا تەنها لە ئاوێنەیەکەوە خۆی پیشاندام.

خەیاڵە، راستە، خەیاڵە،
خەیاڵ نەبێت،
دەرپەڕینی حۆری بەهەشت،
بۆ ئەم جیهانە مەحاڵە،
مەییم هەرگیز نەنۆشیوە،
ئەی بۆ مەستم،

ئەی بۆ لە سەر دەرپەڕیوە،
هۆش و هەستم،
باشە، ئەگەر پەری نییە،
ئەوەی لە نێو،
ئاوێنەکەی تەنیشتمدا،
دێتە بەر چاوو،
ئەوەی وەک و گڕی ئاگر
سەرتا پێمی کردووەتە ئاوو،
ئەوەی تیشکی دەرپەڕیوی،
دوو چاوانی،
دەریان پەڕاند،
هێز لە دوو چاوو،
ووردە جوولەی لێوەکانی،
نە هەر دڵی منی سووتاو،
بەڵکو دڵی،

دڵ بەردانیش،
وێڵ دەکات و دەخاتە داوو،
دەبێ کێ بێ؟ دەبێ چی بێ؟
بڵێی خەیاڵی شێتی بێ؟
خەیاڵ نییە،
راستییەکە سەلمێندراو،
ئاشکرایە،لە ئاسماندا،
وەکو هەتاو،
دەڵێن پەری و فریشتەکان،
لە کەناری ئاووی دەریا،
خۆ دەردەخەن،
جاروباریش،
لە تۆی لووتکەی بەرزی چیا،
هەندێ جاریش لە ئاوێنە،
خۆ دەگۆڕن، یا بە پەیکەر،

یا بە وێنە،
ئەڤینداران، ڕاست دەفەرموون،
لە بەر ئەوەی،
سینەی پەری بە بێ دڵە،
پیشەی وەکو پیشەی گوڵە،
گوڵ گڕ لە بولبول بەردەدا،
ئەمیش دڵی عاشقەکەی دەسووتێنێ،
بە بێ ئەوەی بۆ چرکەیەک،
دەمێک، ساتێک،
ئەو سووتانە بیڕەنجێنێ.

# (٥٦)

# باسی یار

ئەم شعرە و چەند دانەیەکی دیکەش شێوەی دارشتنەکەیان (قصیدەیی) یا کلاسیکییە، بەڵام تەنگی لاپەڕەکان خراپ دابەشی کردوون، ببوورن.

ئەی دڵسووتاوانی ئەڤین و
عاشقانی دڵ بەخەم،
قەد پێم مەڵێن دیوانەیە،
که جووانی یار باس دەکەم،

مافم بەنێ گەر بڵێم،
بێهاوتایە، لە جیهان،
مێژوویان بێ شۆخی وایە،
عارەب و فارس و عەجەم،
سنووبەرو چنار هەردوو،
شەرمەکەن ئەم دەبینن،
ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشن،
بۆ قەدو باڵای ئەم،
ئەگەر خونچەی،
دڵرفێنی لێوی ئەمی،
ئەو دەدی،
دەیوەران گشت گوڵەکانی ،
خاوەنی باخی ئیرەم،
لە کوێ باسی چاووی ئەم و
باسی چاووی حۆریان،

لە ئەورێشم نەرمترە،
بێگوومان زوڵف و پەرچەم،

کەی باریکە وەک ئەم،
ناوقەدی ئاهوی چیا،
عارەقی سەر سینە مەڵێ،
ئاوەکەی بیری زەمزەم،
زینم هەرگیز نەبینیوە،
جوان بوو وەکو ئەمەی من؟
خۆ کوژی کەم بوو،
بۆ چوونی،
سەد ئافەرین لە تۆ مەم.
باپیرانم باسی جوانی،
سەردەمی خۆیان دەکەن،
وەکو ئەمیان نەبینیوە،

نە لە چیاو نە لە چەم،
ئەی وەلییەکە دیوانەکە،
وێڵی چیاو دەشت و چۆڵ،
ئێستایە من، کە دەزانم،
چی لێکردی جوانی شەم،
رۆژگارێکە،
وەکو گوڵی گوڵ بە رۆژ،
ئەو چاوەڕوانی هەتاوەو
منیش لێوی یارەکەم،
بۆم بنووسن هاورێیانم،
لە سەر کێڵی گۆڕەکەم،
ژیام و مردم، مخابن،
یار بەڵێی نەهاتە دەم.

# (٥٧)
# دڵ دزەکەم

کیژێکی جوان و ناسک دەڵێی گەڵای وەریوە
پایز عاشقی بووە و لە داری هەڵکەنیووە

هەتاوو گەرچی کە هێشتا بۆ هەڵبوون زۆری ماووە
لە تاووی دیتنی ئەم تەنگی لە خۆی چنیووە

شەماڵ هەرگیز باوو نییە، لەم ساتانە شنەی بێت
بۆ گەمە لە گەڵ قژی، رۆڵ و یاسای دڕیوە

گوڵان بە شەو مل شۆڕن، بە ڕۆژ ڕوو بەرەو ئاسمان
گشت کڕنۆشیان بردووە، کاتێک ئەمیان بینیوە

شەونم شێتی گەڵایە، نزایەتی هەر شەو بێت
شەوی بە جێهێڵاوە، بەرەو ڕووی ئەم خزیوە

خەڵکان دەڵێن جوانترین، مرۆڤی ڕووی زەمینە
منیش دەڵێم وا نییە، پەرییەو خۆی گۆڕیوە،

برژێنەری دڵانە، هەر کێ بێت و هەر چییە
بۆ سووتانی مرۆڤان لە ئاسمان دابەزیوە

سەدان ساڵ باسی بکەم، هێشتا هەر لە ئەلیفدام
ئەوەی هۆشی لە مێشک و دڵی منی دزیوە.

# (٥٨)

# هێرشی تاڵە قژە یاخییەکان

چرکە به چرکە لە گەڵ هەواڵێکی زۆر بە پەلەدا.
پێشکەشە بە رابەری تارە قژەکان (.....)

فریام کەوون، هاورِێیان،
ئەوانەی کە هۆشیارن،
ئەوانەی هێشتا خەوون،
ئەوانەی کە بێدینن،
ئەوانەیکە دیندارن،
چەند تەڵە قژ هەر ئێستا،
یاخی بوون لەوانی تر،

لە گەڵ بادا لە شەڕدان،
لە شەڕێکی گەرمدان.
هێندە نابات، لایەکیان،
بێگوومان، دێتە شکان،
لە سنووری، دوو ئەبرۆی،
وەک کەوانی تێپەر بوون،
بەرگەی نەگرت لە پێشیان،
خەنجەرو تیری موژگان،
موژ مەڵێ، نەرمە چنارن،
موژ مەڵی ، قامیشەڵانن....
لە پێشڕەوی و هێرشدان،
بەرەو دەشتی ناسکی،
وەکو گوڵی ئەرخەوان،
گردی کوڵمیش خۆی نەگرت،
بە دیل گیران سەربازان،

وا گەیشتنە سەر مەرزی،

خونچەی جووتە لێوانی،

جوانترینن لە نێوان،

تابلۆکانی ئاسمانی،

لە بەریان زوو دامرکا،

گڕی پشکۆی بورکانی،

سوودی نەبوو لە پێشیان،

بای، فووی نەرمە هەناسەی،

خۆشتر لە بۆن گوڵانی....

وا تەڵەکان لە گەڵ با،

پەیمانیان بەست،

بوون بە یەک،

لە یاریدان و هاوڕێن،

فریام کەوون، خەریکن،

بەرەو دڵی سینەم دێن.....

دڵیش وا ئاڵای سپی،
لە پێشیان، بەرز کردەوە،
دربان و سەربازانی،
پەنجا ساڵ خۆڕاگری،
داشکان و گشت دۆڕان،
مێشک و دڵ و دەروونم،
بوون بە دیلی رابەری،
تەڵە قژە یاخییەکان.

# (٥٩)

# خەم

پێشکەشە بە ڕەوانی پاکی هاوڕێم، ئامۆزام عبدالله صالح خواکەرم زەنگەنە کە لە 21.4.2013 دا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.

هەموو ڕۆژی هێشتا لە خەو،
هەڵنەستاووم،
خەمێکی نوێ،
لە بەر دەرگا چاوەڕوانە،
لە تاراوگەو نامۆییدا،

ماڵ چۆڵ و هۆڵ،
تەنها هاوڕێی دڵسۆزی من،
بارە خەمە، کە هەمیشە،
لە ماڵەکەمدا مێوانە،
خۆزگە، ژیان،
هەر خەو بووایە،
بە بێ هەستان،
لە بەر دەرگا لە خەماندا،
بمردایەن گشت خەمەکان.

# Kîjêk

# Nêwî
# Pênc Xalle

Komellêk le Hellbeste Romanisîyekanî

Dr. Yousuf Zangana

London -2014-

# Pêşkeş

Be To:
Kîjêk be nêwî pênc xall
be her lawêk
le baweşî yarekeyda
weku korpe
dekewête ser grrugall
be her kesêk kewa temen
befrî spî barandbêt be serîda
bellam hêşita be wurrk bêt
le ser sîneyi yarekeyda
weku mindall

# (1)

# Erênî

Çende seyrin xellkî cîhan,
bê erênîn le beramber,
be hezaran le dlldaran,
têyandaye cwanî wayan le dlldaye,
bûn be îlhamî şa'îran,
bellam ke rêz degate min,
to debînin,
çawu û dlliyan deqlêşêt,
weku zemînî pêş baran,
dezanî bo?
ke debînin be bê wêneyi le cwanîda,
le nêw şoxanî ruwî zemîn,
perîyekanîş le asman.

# (2)

# Xallî Rût

Ber le eweyi xallî ruwî tom,
bête ber çawu,
serî sucdem, bo gşit xallêk,
dadenwan,
xallêk, weku xallî hetawu,
le nêwe rastî asman,
yekêkî tir her lewêda,
bellam şewan,
xall ke zorin hezar hezar,
be bê jmar,
le defterî bawerrmda,
reş bûnewe,
be xallî ser lêwekant ,

gşit xallekan,
dezanî bo?
çunike emiyan,
be bê prsiyar,
cwantirînh ,
le hunerî perwerdgar,
mawew tenha arezûyek,
lêwî wuşkî dexeme ser,
ya em xeweş nayete dî,
weku sedan,
le xewnekan.

# (3)

## Gûman

Swênd be pîtî nêwekant,
ke cîhanî gşit têdaye,
be xallî ser lêwekant,
cwantirîn xallî dunyaye,
be tîşkî nêw çawwekant,
ke bo çawwî min somaye,
prşngêkî, ew grreye
mu'czeyi dînî musaye,
xoşm dewêy,
tenha 'îşqî pakî toye,
eweyi kewa le nêw dll w
le mêşkdaye.

# (4)

# Xallî lêwt

Peşîmanm leweyi gûtm,
xallî lêwt ,
cwantirîn xallî dunyaye,
em dunyayeyi ke deybînm,
keyi xallî cwanî têdaye,
teniya xallîk aferîdgar,
kûtawyetî,
her eweyi toyi bêhawtaye.

# (5)
# Wêneyi to

lawêkm dît ke gullêkî,
le ser mêzêk çeqandbû
le nêw gulldan,
hênde cwan bû,
bibû be qîbileyi bîneran,
ke wêneyi tom,xiste pallî,
dllm sûta,
qîbile gorraw le xemanda,
lawe, gullî xoyi hellweran.

# (6)
# Bêdengît

Ger detewê bmsûtênî,
be tîşkî nîgayi çawwant,
gelêk le mêjda, sutawum,
xoşardinewet, wa bzanît,
dembrjênê,
grrî burkanî lêwant,
zor demêke, be bê ewey,
xot hest bikeyt,
kllpeyi xistuwete henawum,
ger detewêt ,
frmêskî sûrm bibînî,
le dûrîtda, hênde griyam,
ta wuşkî krd ,
awwî reş û spî çawum,
tenha rêgat le pêş mawe, kuşitinme,
ger, na, 'îşqt, le dllmda,
her demênê,
ta ew sateyi le jîn mawum.

# (7)
# Dû namo

Bo wayi lêbêt wek dû namo,
nîgakanman ber yek kewun,
wek dû bulbûl le qefesda,
yekiyan bîdar le xemanda,
ewî dîkeşiyan, le xewun,
wîstî rojgar wayi krduwe,
ya awu lêllker,
dû dll rojêk bibûn be yek,
bellam emirro,
be dû semtî dij be yektir,
dellêyi dû melî koç rewun.
nagen be yek dellêyi diyardey,
roju şewun.

# (8)
# Xemekanm

Xemekanm wek şewnmin,
ke şew dadêt helldegîrsên,
ke roj hellbêt,
debme gellaw qûtiyan dedem,
ta yaranm be bînîniyan,
xembar nekem.

# (9)
# Bo lêm zîz buwî?

Ke zîz debî,
pencerekem cêdehêlin.
çolekekan,
matem degirin, le baxçekem,
qenarîyekan,
xurre le rûbar debirrê,
behar debêt be payîzu,
dadewerê gellayi daru
bergî gullalle sûrekan,
hetawu pena bo hewr deba,
ke daypoşî û
xemî dllmî bo bas bika,
le tawanda, bardar debê w
dekewête nallew griyan,
frmêskekanî be baran,
şepollekan,

waz le derya dehênin w
helldên berew çawanî min,
sûr deçerxê rengî,
şîniyan,
mang tirîfeyi namênêt w
tirûskeyan dademirkê,
estêrekan,
req debinewe le xemanda,
befrî spî ser lûtkekan,
kaniyawekan ,
wuşk deken w
demirin masîye wurdîlekan,
her to nebî ,
lêm têdegen,
le asmanda ,
frîşitekan,
le zemînda ,
giyandaran w
bê giyanekan.

# (10)
# Teniyayî

Çend bêzarm le teniyayî,
dellêyi hewrî bêbaranm,
rûbarêkm bê masî û awu,
asmanêkm bê estêre,
be bê mang û be bê hetawu,
derrwanme awênekan,
xom nabînm,
nêgetîvî wêneyekm pîşan deda,
tarmayiyek reşî deycûr,
dête ber çawu,
bencerekan dekemewe,
beyaniyan ,
hawar dekem,
gwêyan tepew  prr le loke ,
cîhaniyan,

wa hest dekem le qefesdam,

qefesêkî be drextda,
hellwasirawu,
derrwanme dewrû berm,
destêk nîye berew lam bêt,
azadm kat ,
bfrrêm weku ballindkan,
bêdeng debm,
nalleyi derûn demsûtênê,
peng xuwardinî wuşekanm,
sînew qurrgm,
dedrrênê,
perye hewall hênerekan,
çend sallêkî ber le emirro,
gûtiyan ke dê,
nehatît û derinekewtî,
pêşiyan wutm,
qetarî 'îşq rawêstawwe,
wa xerîke, serdekewê,
serinekewtî,
le nêw jûrî çawerrwanî,
kp û aram bo xot xewtî,

ger emcare gerranewh,
frîşitekan,
pêyan bilê raşkawu w
be asanî,
leweyi kewa, le teniyayî derm
bênî,
peşîmanî.

# (11)
# Lêm Zîz Mebe

Lêm zîz mebe ke carubar,
be bêdengm,
şadî le rûm deperrêt w
zerde rengm,
xemî dûrî û nebûnte,
kewa hêzî lê çniyûm,
bo şadî min wek hetawwî,
minîş weku topî zemîn,
tîşkî çawut le kam lam bê,
şadî debarî û pîkenîn,
ger wa nebê.
tarîkstane ew diyûm.

# (12)
# Bellên şkên

12.12.2012

Bellênt da her wutt dêm,
dest dexeme nêw destant,
şadî dênm bo ser rût û,
pêkenînîş bo lêwant,
mergî topî zemîn hat w
çend katî mawwe ḧeyatî,
belam efsûs, to nehatî,
lew dunyada,
le yasayi dadgayi xudada,
hîç dezanî eyi bê bellîn,
çîye szayi bellîn şkên?

# (13)
# Xozge

Le katêkda ,
hêzî hestî bon krdinm ,
damirkawe,
to çirot krd ,
buwî be gull û hatîte bûn,
le nêw dllî hemîşe wek ,
gulldanmda,
katêk dîdî çawwekanm ,
somayi birra,
to hellatî weku hetawu,
le beramber ,
çawwanmda,
weku bêjng lêwekanm ,
le tetellen,
buwî be badeyi destî saqî û
lêwekant, mallî be ser ,

lêwanmda,
xozge ,
gerçî awatêkî bê behreye,
gellêk zûtir derdekewtî,
na, le katî helldanewey,
duwa laperreyi rojekanî,
jiyanmda.

# (14)
# Çî Bikem

ke maweyek,
weku mangî çuwarde şewe,
le pşit hewrî bê baranda,
debî penhan,
sed swênd dexom,
be serî şêx û melayan,
ke bitibînm nîgat nekem,
rêgaş nedem,
wuşeyekm le gelltda,
bête ziman,
bellam, katêk le nakawda,
hewr sîneyi xoyi daderrê,
weku hetawu,
dêyte berçawu,
swêndekanm hemû debin,
be hullmî awu,

defrrên, deçn be asmanda,
dîsan debît, be mellbendî
nîgakanm,
dîsanewe weku caran,
debît be wêrdî zbanm
ew dlleşm ke demewêt,
bîkem be berd,
dîsanewe dekewête,
tirpew lêdan,
xudawenda, rêçareyek,
ya dllî min pakkerewe ,
le bûnî ew,
ya dllî ew, le gşit hewre,
destkrdekan.

# (15)
# Tînû

Ke be dîqet derrwanme
lêwekant,
bo nazanî kewa tînuwî,
qumêk awum,
xû û rewşitî kurdewarît,
le bîr çuwe ,
billêt fermû,
ta damirkêt ,
grrî derûn û henawum.

# (16)
# Grr

Her rojêk û cuwanîyekî
nwê denwênî,
dellêyi ke ballindeyi 'îşqî,
her çirkeyek bo gullêkî no pşktû,
awazêkî nwê dexwênî,
min tawanm çîye gullm,
hêşita grrî 'îşweyi pêşût,
danamirkê,
be yekîtir demsûtênî?
gewre xemîş lêredaye,
ne be şneyi henaseket,
ne 'etirî gullî lêwant,
nayeyt satêk,
ew grranem damirkênî.

# (17)
# Gull û Drrk

Lêm hell meye ,
xo drrk nîm,
drrkîş bm ,
le dewrî toda ruwawum.
bitparêzim ta le dujmin,
êsta zanît somayi çawum ,
min bo to çîm,
to çît bo min?

# (18)
# Cwanît

Eger basî cwanî şoxêk,
dête nêwan,
tenha şitêk le cwanîyekey,
debête wêrdî ser ziman,
cwanîyekeyi to bêwêneye,
weku hetawwî êwaran,
hem xoyi cwane,
hem ke cwanî debexşête,
awî derya,
pelle hewru xudî asman,
boye dellêm to bêwêney,
le gşit cîhan.

# (19)
# Nazdarêkî Be Bêwêne

katêk mirov nazdarêkî,
be bêwêney, le şêweyi toy,
dête ber çawu,
be dest û brd,
serî sucde bo xudawend,
dadenwênê,
prsiyarêkîş lew çirkeda,
dêt be bîrda,
peykertaşêk,
ew peykereyi darrşituwe,
billêyt rojêk le dllî bêt,
wurd wurdîkaw bîşkênê?
wênekêşêk,
be hunerî pencekanî,

ew tabiloyeyi nexşanduwe,
nazu 'îşweyi jnaneşî,
be ser rûda baranduwe,
billêyi hergîz, le dllî bêt,
ew tabiloye bsûtênî,
be grr, grrî nazu 'îşwey ,
damirkênê?

# (20)
# Berdî Paş Burkan

Hîc dezanî,
taku êsta le helledan,
derûn nasan,
ke dll reqn le çawuyanda,
kîjolle cwan û naskekan,
to selmandt, ke wa nîye,
dllî sînet nasktire,
kemêk le sengî çiyakan,
ewaneyan req gerrawun,
le paş burkan!

# (21)
# Xoşm Wîstî

xoşm wîstî û sûr demzanî
çendî hellem,
deşmzanî bo yek bûnman,
xeyallêke û teqellayekî
bê berhem,
em rûdawe
ne le lewḧî xudawendî, nûsirawe,
ne drawîşe le qellem,
xoyi bigirêt û çiro bikat,
hellbênêt dem,
hewrêkîşe, debarênêt,
baranî xem,
pêşm wutî le bîrm ke,
bellam, minî serlêşêwaw,
taku mabm,
qed pêm nakrêt,
le bîrt kem.

# (22)
# Wullatî Xoşewîstî

Bo yekem car, ke tom bînî,
wênet le mêşk ,
tomar kra,
boye katî duwem dîdar
allayi spîm ,
le dar dra,
toş be nermî û be hêminî,
mîrinşînî dllî sînet ,
dagîr krdm,
xot damezirand, be şa jnî,
wênekeşit, le cêyi alla,
hellwasira,
tapokeşî be nêwî towe ,
nûsira.
wullatekeş ke wullatî
xoşewîstî û rûnakî bû,
be nêwî towe, nêw nra.

# (23)
# Min Ke Demirm

Min ke bmirm, bêgomanm,
le gell terme mirduwekemda,
dllopêk frmêsk denêjî,
taku zîndûm boçî nayeyt,
bawanekem,
frmêskeket,
leser sînemda birrêjî?

# (24)
# Tûrre Bûnt

Le katêkda tûrre debît,
kullmekant. sûr sûr debin,
kllpeyi weku grrî agr deweşênin,
lêwekant allî, all, all
grj grj debin
lewedaye bqlîşên,
be lerizeyan,
'erdu asman dehejênin,
çawekant weku çawwî
mestî xumar,
şerabî nab daderrjênin,
lew kateda bê xwardinewe,
mest debm wdêmh hejan ,
kollmekant be bê agr,
dembrjênin .
lêwekant wek gêjeney,
awwî derya,
qûtm deden , demirrfênin.

# (25)
# Mêwanxaneyi Xem

Mêwanxaneyi xemekane,
dll û mêşkm,
her rojêk û mêwanêk nwê,
xemî konm sarrêj nabêt,
yekê nwêtir
dênêtiye swê,
bo tosqallêk şadî û xoşî,
rû le kê kem ,
birrom bo kwê.

# (26)
# Peyamî Cejn

Peyam nebû eweyi nardt,
kewa sirr û bencî krdm,
weku mestan,
bîru hoşî le ser brdm,
wa hestm krd kewa xotî,
leber çawum, rawêstawwî,
cwantir le gull ,
cwantir le mang, le hetawwî,
wa hestm krd perîyekî
wek cejnane le xudawe,
bo dllixoşî minî teniya nêrdrawwî,
weku tînuwî be awu geyî w
xom hawêşite nêw baweşit,
wek yekêkî tîşk nedîde,
rwanîme nîgayi geşit,

le baweşit, satêk demwîst,
pêbikenm,
satêk bigirêm.
satêk weku zîndanîyek,
pêw destanî xom bibestm,
satêk weku ballindeyek,
bendî qefes,
baweşeket, cêbihêllm,
hellbêm, bfrêm,
carubarîş hestm dekrd,
le nêw deryayi çawwantda,
wun bûm û wêll,
keşitîyekî bê keşitiywan,
kewtibûme nêw destanî,
bêbezeyî şepollekan,
satêk aram weku deryay,
êwaran bûm,
satêk serşêt ,
wek reşe ba,
satêk bahoz ,
satêk tofan û ziryan bûm,
bellam êsta ,

ke benceke berîdawum,
katêk hoşm hatewe ser,
zanîm kewa, peyamêkî şûşeyiyew
to nemawwî,
xemî dûrît carêkî tir,
grrî berdaye henawum,
be ser şûşeyi datakemda,
dllop, dllop ,
frmêskî swêr,
wa xerîke dadetkêt,
le dû çawum.

# (27)
# Xeyallî To

Eger hênde le bîrî tom,
le bîrî mallî dunya bam,
bîrî ple û payewe kursî,
ya xuda bam,
serkarwanî paredaranî cîhan bûm,
le nêw lîstî pêẍemberan,
yaxod şahî şahekan bûm,
ema ,
bellam,
zor dllinyam,
yek satêkî xeyallî to,
nagorrmewe,
bê dû dllî û be bêgûman,
be ewaneyi ke baskran.

# (28)
# Xorî Xoşewîstî

Legell eweyi ke dezanî
çiyayekman le nêwane,
beriztir leweyi pîremegrûn
le meȟallî ȟewtemînîş têperriywe,
bo yektir bûn,
bellam xorî xoşewîstît,
le dllmda,
awayi nakat,
gewretirîn, hêzî gerdûn.

# (29)
# Xolle Mêş

Wa nezanî ke bêdengm ,
le mêşkm nalle birrawe,
ke debînî be bê kllpem ,
grrî derûn damirkawe,
dûrît, hêzî lê çniyûm ,
henaseyi sîneyi birriyûm,
xolle mêşe, xo dll nîye ,
eweyi le nêw sîne mawe.

# (30)
# Şagull

Dllteng mebe nazdareke,
gull nenasêk,
le gulldanî dllî sîney,
derî hênay,
katêk zanî le cuwanîda,
bo şagullan,
wênew hêmay,
ranehat û be dîtinî cwanî gullan,
meger dekrêt çîj werbigirêt,
le gullixanew le gullstan.

# (31)
# Juwan

Çawut le bezimî rojgar bê,
le rêbazî helleyi jiyan,
le pîlanî dij be xuday,
hendêk le şêx û melayan,
xoşewîstî, bêt,
be gunae,
bêt be tawan,
le tirsî nûke xenceru
tolleyi hendê braw bawkan,
em cîhane pan û porre,
qedeẍe bêt,
bêt be zîndan,
kompiyoter bêt be razdar,
be cêyi juwanî dlldaran .

# (32)
# Toyi Ke Cwanî

**B**ot nûsîbûm ,
"ke çend cwanin ş'rekant,"
xwayi 'şq bikat,
lêm zîz nebêt, eger billêm,
hemû dzn ş'rekanm,
cwanî, le rût,
geşî, le tîşkî çawwant,
sade û sakar,
hêmayi dll û derûntin,
germî le grrî lêwant,
nermî leweyi qjekant,
şîrîn bûniyan,
wuşeyi hengwînî zimant,
rastt dewê?
her ş'rêkm awêneyew

teniya wêneyi to denwênê,
wêneyi xudî xote, eweş kewa,
be bêdengî,
hestî minîş debzwênî,
ke toyi ş'rîş le mêşkî minda,
derrwênî,
hîç dezanî,
ş'rekan nîn,
toyi ke cwanî?

# (33)
# Bo Le Şîrt Birrîmewe

Xoşewîstît fêr krdm w
weku korpeyi dayîk mirdû,
zû le şîrt birrîmewe,
dlêşit wa dagîr krdm,
be şêweyek,
nêwut nûsî le nêwîda,
lêyi der neçû,
hezar carîş sirrîmewe.

# (34)
# Helle

Ya min hellem le nasînî cwanî toda,
ya be helle toyi frîşite,
berew zemîn nêrdrawî,
le akamî tawanêkî nebexşrawu
weku dake ḧewakeman,
le beheşitda derkrawî,
ger wa nebê eyi bêwêne,
em zemîne pr le fêl û lh tawane
keyi şwênî perî wa cwane?

# (35)
# Xoşm Ewêy

Xoşm ewêy,
zortir leweyi bo yektirî,
xoşewîstanî nêw cîhan,
vînos xodayi cwanekanî,
serdemêk bû,
to seretawu kotayiyekan,
nasktirîn drûst kerdey,
destî yezdan.

# (36)
# Sefer Meke

Eger bêt û destm birrwa
takelekî frokekanî,
gşit cîhan,
deteqênm,
keşitîyekanîş,
nuqmî derya,
bê binekan,
mêx rêj dekem,
sertaserî rê û banekan,
dewuşkênm,
kanzakanî sûtemenî,
bo hat û çoy,
gşit xudrokan,
ta le sefer,
bêyte wêstan.

# (37)
# To

To çîrokî xewnekanî şewanmî,
to serçawey
dîdu somayi çawanmî,
to penagay,
çetirî tîşkî hetawu kujî,
çetirî rojî baranmî,
sayebanî,
bo rêkrdin, hêzu pşit û goçanmî,
henasemî, xwênî dllî,
to awumî, to nanmî,
toyi klîlî dergayi îlham,
to hewênî hest û sozu
wuşeyi şî'rekanmî.

# (38)
# Min û To

Ger to bibît be pepûle,
min debme şem,
ger to şem bî min pepûlem,
bo maçêkî xûnçeyi lêwt,
hezar car xo ,
be kûşit dedem.

# (39)
# ‘Şq û Sêdare

Eger ber lh,
' îşqî pakt,
yekêkî tir dllî dagîr krdbayem,
ger be tîşkî grrî nîgay,
çawwîkî tir bsûtayem,
ger be badeyi lêwêkî tir,
ber leweyi to ,
mest bibwayem,
ger be dawwî, tellî xawwî,
qjêkî tir bend krabam,
pêm nawutî, xoşm ewêy,
eger le sêdar drabam.

# (40)
# Rq

Nîgam meke
bem şêweye,
memxinikênh ,
le nêw deryayi dû çawwant,
melewanî ke nazanm,
rqt lême aşkraye,
dllşad debî be xinikanm,
xoşwîstint tawan nîyh,
bellam, hêşita, her amadem,
pêyi bibexşm seru û giyanm.

# (41)
# Dagîrker

Qse dekeyt, derdekewêt,
ke dij be dagîrkeranî,
dij be stem. dij be azar,
pşitwanî mirovanî,
bêtawanî,
başe nallêy, tawanî min çî bû
çawukall,
dllt dagîr krdm ke hîç,
be temayi grr têberdanî?

# (42)
# le nebûnm

Wamdezanî ,
le nebûnm ahu nallet,
frîşitekan,
gşit dexate şîn û zarî,
rorro û fîẍan,
frmêskî wa debarênî,
drûst bikat,
seyl û tofan,
bellam derkewet,
nebûn û bûn,
weku yek wan,
tenha çawwî, mine, bê to,
ke deybînin ,
hemû dellên,
hezar reḧmet,
le baranî çleyi zstan.

# (43)
# Çawut

Taku emirro,
herçî basêk,
le cwanî çawwan krabê,
herçî şê'rêk bo efsûn w
tîrî çawwan ,
gûtirabê,
her tabiloyek, le cîhanda,
bo çawwî cwan kêşrabê,
nagat be yek,
nîgayi çawut,
le katêkda,
wek hetawwî,
toyi lûtkekan,
xoyi denwênê,
le pşit tarî,
qjî xawut.

# (44)
# Yasayi Cîhanî Perîyekan

Ke bêdengî
wa hest dekem,
îsirafîl buqî nemanî,
giyandaranî,
ruwî goyi zemînî lêdawe,
cîhan hênde kş û mate,
dellêyi kesî têneмawe,
le cîhanî êmeyi mirov,
em kareyi to narrewaye,
aya leweyi êweyi perrî,
eme bawe?

# (45)
# Gullêkî Reş Poş

Ke wêneket hate ber çawu,
wa hestm krd,
sedan salle ke bîniyumî,
her wam zanî to ew gulley,
le mindallî,
le gulldanî derûnmda,
min çandumî w
min çniyumî.

# (46)
# Dllî Şem

Dllî min û dllî şemî ,
grr têberbû,
weku yek wan,
ew bo maçêkî pepûle,
dête sûtan,
min çirkeyek baweş lêdan,
bellam ne ew,
hergîz degat be armanî,
ne baweşî sardî minîş,
germ debêt,
be grrî tîşkî çawwanî,
boye katêk derrwanme,
tawaneweyi nermî şemêk,
paşe rojî xom debînm,

dllop, dllop,
xemî dûrî demtkênî,
çawerrwanî,
herweku şem,
nerm nerm demsûtênî.

# (47)
# Nazdare Drozneke

"Eger wutiyan ewa demirê,
temaşayi kem ,
ke meȟalle,
îtir qseyi le gell bikem,
bo ew emeyan ,
xeyalle".
be pêşmda ke têperrît,
qjî xawut ,
weku lawlaw,
bellayi minda daxizabû,
be ewlada pêt xlîska,
eger raste ,
nazdarekem,
bo netibînî ,
layekeyi tir,
dar telêkew
yek dû çalle?

# (48)
# Ger Detzanî

Ger detzanî ,
xoşewîstît le dllmda ,
çendê berize,
çendî zore,
le çawwîda hetawu tenha,
çend hengawe,
deryakanî cîhan pêkra,
le çawîda ,
qumêk awe,
lêm têbigeyt ,
ewca dellêyt,
nexêr, 'îşqî xudawendî,
hêşita mawwe,
grr têber bûn,
le derûnî evîndaran,
hêşita bawwe.

# (49)
# Minîş ‘Aşqm

Ke mindall bûm,
zor detirsam,
le şîn û nalleyi 'aşqan,
frmêsk rşitin,
şew nexewtin,
tlanewe le ser cêga,
şew ta beyan,
şî'rî hendê şa'îranîş,
leriziyan dexiste leşmewe,
le tirsanda,
be şewu roj,
dest le asman,
le nza bûm,
ke şoxêkm neyete rê,
weku ewanm be serbê,

ew nzayeyi lêwergrtm,
katêk zanî hêşita wurdm,
bellam xuda,
le akamda, karî xoyi krd,
şêt û şeyday,
penca miliyon,
kîju kurru genc û pîrî,
kurdî krdm.

# (50)
# Hesudî Be Elbûm

Ne ḧesud bûm,
lem jiyane,
ne wek kelle,
xo ragrêk,
hergîz ḧezim le şkane,
ta ew sateyi ke wêneket,
şa şwênêkî dagîr nekrd,
le nêw dllî elbûmekem,
ke rwanîm tacî serî,
elbûmî hemû cîhane,
billêyi rojê dagîrkerêk,
lew babete
hêrş bênê,
dergayi dllm bikatewe,
qûltirîn şwênî dagîrka,

le nêwêda ,
şajnane palldatewe,
yaxud wek û nukew êsta,
her elbumî xemekane,
deryayekew bo hemîşe
le nêwîda,
bahozu tem û ziryane.
cwantirîn wêneş le toyda,
wêneyi frmêsk û griyane.

# (51)
# To Wîstin

Renge rojêk,
gşit deryakan ,
wuşk biken w
bmirin hemû masîyekaniyan,
grr berbête gullzarekan,
reş wergerrên,
daru gellaw gullekaniyan,
renge îtir,
çorreyi neyet,
le rojêkda awwî rûbar,
awwî kanî,
le şewêkda hetawu bmirêt,
îtir hergîz neyete çawu,
geşî ruwîyi w

qjî zerdî û tellekanî,
renge rojêk berbêtewe
şîne asman,
gşit damirkên,
mang û roju stêrkanî,
renge rojêk topî zemîn ,
bqlîşêt,
lûrf bidat,
daru berdu,
sercemî danîşitwekanî,
bellam hergîz rojêk nayet,
bête mêşkm ya zimanm,
le to wîstin,
peşîmanî,
eyi bê wêne,
le hûnerî ser zemîn w
le hûnerî asmanî.

# (52)
# Xunçe

Beyanît baş
to xot xonçey
nazdarekem,
aramî dll,
xunçekanî werizî behar,
le ĥesiretî cwanî toda,
yek yek, dû dû,
hezar, hezar,
deqlîşên,
debin be gull,
ke natwanin,
bibin be to,
dekewune şîn û rorro,
le daxanda,
xo ranagirin le dewrî çll,
xo dekujn ,
dewerên w
debin be gll.

# (53)
# Qlîşî lêw

Ayi ke seyre çarenûsm,
leweteyi hem her le qlîş min tirsawum ,
tirs dexate çawu derûn û henawum,
ta mindall bûm,
qlîşî xak deytoqanm,
wam dezanî dem mjêt û qûtm dedat,
wurd wurd dekat,
êskekanm,
bellam emirro ke gewre bûm
derrwanme qlîşî ser lêwekant,
dll dexate kûte kûtu,

lerizîş le ser ta pêyi giyanm,
çê sirrêke, xudawenda
ser lêşêwawum, nazanm.
ewyan minî helldemjî,
bo mjînî emeyanh,
êsta brjan û sûtanm.

# (54)
# 'Şqêkî pak

Pêşkeşe, bew kesaneyi kh le 'îşqî pak geyşitûn û rêzî lêdegirin û hetahetaye be pakî raydegirin û xoşewîstî le pênawî xoşewîstîda deken û bew kesaneyi be helle lêyi geyşitûn, be hiywaî rast krdineweyi hellekaniyan.

Ke pêt dellêm xoşm dewêy ,
mebestme, 'îşqêkî pak ,
wek derûnm ,
xoşm dewêy ,
wek eweyi hey,
wek eweyi hem,
be bûnt û be nebûnm,
gewre, biçûk,
naşîrîn, cwan,
wek taze bûk,
qellew , barîk,

her weku ney,
bê mêrd, mêrdidar,
dewllemend bî ya xud hejar,
spî wek befr ,
sewzeyi tarîk,
xoşm nawêy ,
bo bezimî şew,
dem le nêw dem,
xoşm dewêyt taku,
bo min  pepûle bît,
minîş bo to bibm be şem,
dû 'aşqî hemîşeyî,
hergîz ne to ,
be min bigeyt,
ne min hergîz ,
be to bigem.

# (55)
# Wurrêne

Pêşkeşe be (.....) ew bê dlleyi ke le rojî le dayîk bûnîda tenha le awêneyekewe xoyi pîşandam .

Xeyalle, raste, xeyalle,
xeyall nebêt,
derperrînî ḧorî beheşit,
bo em cîhane meḧalle,
meyîm hergîz nenoşiywe,
eyi bo mestm,
eyi bo le ser derperriywe,
hoş û hestm,
başe, eger perî nîye,
eweyi le nêw ,
awênekeyi  tenîşitmda,
dête ber çawu,
eweyi wek û grrî agr
ser ta pêmî krduwete awu,

eweyi tîşkî derperriywî ,
dû çawanî,
deryan perrand ,
hêz le dû çawu,
wurde cûleyi lêwekanî,
ne her dllî minî sûtaw,
bellku dllî ,
dll berdanîş,
wêll dekat û dexate dawu,
debê kê bê? debê çî bê?
billêyi xeyallî şêtî bê?
xeyall nîye,
rastîyeke selmêndraw,
aşkraye,le asmanda,
weku hetaw,
dellên perî û frîşitekan,
le kenarî awwî derya,
xo derdexen,
carubarîş,
le toyi lûtkeyi berizî çiya,
hendê carîş le awêne,
xo degorrin, ya be peyker,
ya be wêne,

evîndaran, rast defermûn,
le ber ewey ,
sîneî perî be bê dlle,
pîşeyi weku pîşeyi gulle,
gull grr le bulbul berdeda,
emîş dllî 'aşqekeyi desûtênê,
be bê eweyi bo çirkeyek ,
demêk, satêk,
ew sûtane bîrrencênê.

# (56)
# Basî yar

Em ş're û çend daneyekî dîkeş şêweyi darrşitinekeyan klasîkîye, bellam tengî laperrekan xirap dabeşî krdûn, bibûrin.

**E**yi dllsûtawanî evîn û
'aşqanî dll bexem ,
qed pêm mellên diywaneye ,
ke cuwanî yar bas dekem,
mafm benê ger billêm ,
bêhawtaye, le cîhan,
mîjûyan bê şoxî waye ,
'areb û fars û 'ecem,
sinûberu çnar herdû ,
şermeken em debînin,
ahî ḧesiret helldekêşn ,

bo qedu ballayî em,
eger xunçey ,
dllrrfênî lêwî emî ,
ew dedî,
deyweran gşit gullekanî ,
xawenî baxî îrem,
le kwê basî çawwî em w
basî çawwî ḣoriyan,
le ewrêşm nermtire ,
bêgûman zullf û perçem,

keyi barîke wek em ,
nawqedî ahwî çiya,
'areqî ser sîne mellê ,
awekeyi bîrî zemzem,
zînm hergîz nebîniywe ,
cwan bû weku emeyi min?
xo kujî kem bû ,
bo çûnî ,
sed aferîn le to mem.
bapîranm basî cwanî ,
serdemî xoyan deken,
weku emiyan nebîniywe ,

ne le çiyaw ne le çem,
eyi welîyeke diywaneke ,
wêllî çiyaw deşit û çoll,
êstaye min, ke dezanm ,
çî lêkrdî cwanî şem,
rojgarêke ,
weku gullî gull be roj,
ew çawerrwanî hetawew
minîş lêwî yarekem,
bom binûsin hawrrêyanm ,
le ser kêllî gorrekem,
jiyam û mirdm, mxabin ,
yar bellêyi nehate dem .

# (57)
# Dll Dzekem

kîjêkî cwan û nask dellêyi
gellayi werywe
payz 'aşqî buwe û le darî
hellkeniyuwe

hetawu gerçî ke hêşita bo hellbûn
zorî mawwe
le tawwî dîtinî em tengî le xoyi
çniyuwe

şemall hergîz bawu nîye, lem
satane şneyi bêt
bo geme le gell qjî, roll û yasayi
drriywe

gullan be şew mil şorrin, be roj rû
berew asman

gşit krrinoşiyan brduwe, katêk emiyan bîniywe

şewnm şêtî gellaye, nzayetî her şew bêt
şewî be cêhêllawe, berew ruwî em xiziywe

xellkan dellîn cwantirîn, mirovî ruwî zemîne
minîş dellêm wa nîye, perîyew xoyi gorriywe,

brjênerî dllane, her kê bêt û her çîye
bo sûtanî mirovan le asman dabeziywe

sedan sall basî bikem, hêşita her le elîfdam
eweyi hoşî le mêşk û dllî minî dziywe.

# (58)
# Hêrşî Talle Qje Yaxîyekan

Çirke be çirke le gell hewallêkî zor be peleda.

Pêşkeşe be raberî tare qjekan (..…)

Friyam kewun,
ewanetan ke hoşiyarin,
ewanetan hêşita xewun,
ewanetan ke bêdînin,
ewanetan, dem be rojû,
ke dîndarin,
çend telle qj,
yaxî bûne lewanî tir,
le gell bada ,
le şerrêkî zor germdan.
hênde nabat, ke layekiyan,

dête şkan,
le sinûrî, taqî ebroy ,
wek kewanî
têper bûn w
bergeyi negrt le pêşiyanda,
tîrî mujgan,
muj mellê, nerme çnarin,
muj mellî , qamîşellanin....
le pêşrrewu le hêrşdan,
berew deşitî nerm û noll w
nask, wek gullî erxewan,
grdeyi kullmîş bergeyi negrt,
be dîl gîran serbazekan,
wa geyşitine merizî xunçey
lêwekanî,
lêwî çî...
cwantirîn tabiloyi asmanî,
le beryanda zû damirka,
grrî agrî burkanî,
sûdî nebû fuwî henasey,
xoşitir le bonî gullanî....
wa tellekan ,
le gell şneyi nermî bada,

peymaniyan best,
le yarîdan, êsta hawrrên,
friyam kewun ,
wa xerîkin,
berew dllî sîneyi min dên.....
wa dllîşm, allayi spî beriz krdewe,
serbazanî penca salle nedorrawwî,
daşkan û hemû dorran,
ewa mêşk û dll û derûn,
bûn be dîlî,
raberî telle yaxîyekan.

# (59)
# Xem

Pêşkeşe be rewanî pakî hawrrêm, amozam 'bidalle salḧ xwakerm Zangana ke le 21.4.2013 da bo hemîşe mallawayî lêkrdîn.

Hemû rojî hêşita le xew
hellinestawum,
xemêkî nwê ,
le ber derga çawerrwane,
le tarawgew namoyîda,
mall çoll û holl,
tenha hawrrêyi dllsozî min,
bare xeme, ke hemîşh,
le mallekemda mêwane,
xozge, jiyan ,
her xew buwaye,
be bê hestan,
le ber derga le xemanda,
bmirdayen gşit xemekan.

# چاپکراوەکانم

1 . چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی یەکەم . 1970 .

2 . چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی دووهەم . 1973 .

3 . بازاری شۆریجە . چیرۆك و رووداوو . 1973 .

4 . دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە . 1973 .

5 . پەپوولەی باڵ شکاوو .کۆتایی 1975 .

6 . سکاڵای کوردیکی دڵسۆز . 1976 .

7 . کۆترەکەم و شۆرشی کوردستان . 1976 .

8 . وازم لێبێنن دڵداری ناکەم چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە . 1976 .

9 . ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت .
چاپی یەکەم . 1985 .
10 . هەمان کتێب ، چاپی دووهەم ، 1986 .
11 . ئیملا . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 1987 .
12 . سوتۆ و تەتۆ . وەرگێڕاو . 1988 .
13 . نەسرین . 2000 .
14 . بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی: کە لە ساڵی 1974 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .
15 . دەزگیرانەکەی باوکم: چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .
16 – کیژە کوردە بەرلینییەکە: هەڵبەست. 2011.
17ـ بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی. .2011
18. نەسرین: تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە. 2011.

**19- ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی.**
**20- کوردستان سەرزەمینێکی جادو لێکراو.**

**لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێنرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.**

**جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.**

# چاپنەکراوەکانم

1 . لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە: هەڵبەستی سیاسی.
2 . ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
3 . مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەوو برۆگرامی بیری کوردایەتییە.
4 . هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
5 . خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
6 . هێرشی تەڵە قژە یاخییەکان: هەڵبەستی رۆمانسی.
7 . تەنەکەی زبڵی خودا : چیرۆك و بەسەرهات .
8 . هەزار کیلومەتر خوێن: بەسەرهاتی کوردانی ئەنفال کراوە .
9 . لە رووانگەی پیشمەرگەیەکی سەر شیتەوە .

10 . **یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە 4000 ساڵ: چۆن فرۆشرا .**

11 . **مەکری پیاوانی کورد : چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە .**

12 . **مامۆستای گوندەکەمان: چیرۆکیکی شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 1971 لە چەند دانەیەکدا بڵاوکرایەوەو برێك لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاوونەترسی شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نواندیان .**

13 . **زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئایینەکەی .**

14 . **زەردەشت تاوانبارێکی بێتاوان: ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەکەیانەوە چەسپاندووە .**

15 . **بەڵێ زەردەشت کورد بوو .**

16 . **کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام: هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە**

**لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن و برِێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .**

17. گەشتێک بۆ نومرە هەشت: چاپی دووهەم.

18 . **ئابووری سیاسی: سەرەتایەك بۆ لاوان .**

19 . **پیشەکییەك بۆ سیاسەت .**

20 . **مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی: باس لە یەکەمین چاوپیکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 1961ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی 1973 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆ ماڵی بارزانی پاش 3 ساڵ و بۆ کاك مسعود بارزانی لە سەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ دروست کردم . کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا باسکراوە و بەم زووانە بە شیوەی کتیب بلاوی دەکەمەوە .**

21 . لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە: باس لە ئەرێنی نێوان خانەوادە دەکات .

22 . پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان: چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

23 . نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .

24 . بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە:

- بۆنی شیرو سیاسەت: ژیانم بەر لە ساڵی 1968 .
- 1968 : دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 1964 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێک و ئاکام .

- پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 1961 یا رووخێنەرەکەی ؟ بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .
- دوای کوشتنم: ژیانم دوای 1968 و تا 1975 .
- هەرەسەکەی 1975 : ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا . من دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 10.11.2000 دا هەڵگیرساند .

25 . شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.

26 . هۆرەکانی شەکسپیر: ئینگلیزی و کوردییە . ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن ؟

27 . **شارەکەم کەرکووك: لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا . کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە .**

28 . **لە پێناوی مێردەکەیدا: بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا . بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم ، لە پێناوی کۆرپەکەیدا .**

29 . **تهافت التهافتين: امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی ، لەساڵی 1059ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران ، هاتە جیهانەوەو لە سالی1114 کۆچی کرد ولە نێوان ساڵانی 1091 تا 1095 کتابی (تهافت الفلاسفە- رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان) ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو رامالْکاند .**

**دوای تێپەڕبوونی67 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 1126 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی**

محمد ابن رشد القرتبی هاتە جیهانەوەو لە ساڵی 1198 دا لە مراکش کوچی کرد . ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت۔ رۆخانی روخێنەرەکە ) کە مەبەستی روخانی کتێبەکەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەکانی الغزالی بووچەل کرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەکانی تەواو کردنی کتێبێکدام کە 28 ساڵی رەبەقە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی (تهافت التهافتین۔ رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە ) و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە دەکوتم بە زەمینداو کراسێکی لە شاڵو بیری پاکی کوردی دروستکراو بۆ فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەکەم و جلە کۆنەکانیشی دەخەمە گۆڕێکی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت . چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەرکەوتنم بۆ بخوازن .

30 . خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت: بۆچوون و بیروڕاکانمە لە مەر فەلسەفەو گیروگرفتەکانی . ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 1992 دا بڵاوببێتەوە ، بەڵام وەك لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاو کرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لە ماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە رۆژ بە کوون و قوژبنەکانی مێشکمدا دەگەڕیم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرز دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاك و رەسەن بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم . چاوەڕوانی ئەمەشیان بن و بزانن بۆ: لە دایك بووین ؟

مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە ؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان ؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت ؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە ؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە ؟ ئایا پیغەمبەرەکان ، خودا هەڵیبژاردوون یا ژێری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون ؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا ، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە ؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن ؟ تیژڕەوی مادە (السرعه)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە ؟ ئەو کونە رەشانەی کە جارو بار بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان دەکەون چین ؟ ئایا

**پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان ! بۆی دەچن یا . . . ؟**

**خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .**

# من کێم

ـ له ژیانمدا ، به سەرهات ، رووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانانه ،گەلێك زۆرن که شانازییان پێوه بکەم بەڵام ، شانازییەك که ئەو شانازییانه شانازی پێوه دەکەن ئەوەیه که ، له دایێك بووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم له شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام له زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا به دەست هێناوه .

خوێندنەوه و نووسین له سەرەتای ژیانمەوه ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووه ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن له پێناوی به دەست هێنانی بڕوا نامەی

بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی.

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕێگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان.

- وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون. بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا

کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆڕشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە) ، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم ، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ، کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆڕشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش

بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ *گەشت بۆ نومرە هەشت* ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوە ـ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو ڕەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە

**نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم .[1] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو**

---

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 1979 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 1961یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی. باشبوو گەورە پیاوی دەسەڵاتداری ئێران، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەو کاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

**جیاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .**

# ناوەڕۆک

پێشکەش ........................................٣و 107
ئەرێنی ........................................ ٤و 108
خاڵی رووت ........................................٥و 109
گوومان ........................................٧و111
خاڵی لێوت ........................................٨و 112
وێنەی تۆ ........................................٩و 113
بێدەنگیت ........................................١٠و114
دوو نامۆ ........................................ .١٢و115
خەمەکانم........................................ ..١٣و116
بۆ لێم زیز بووی؟ ........................................١٤و117
تەنیایی........................................ ..١٧و119
لێم زیز مەبە........................................٢٠و122
بەڵێن شکێن ........................................٢١و123

٢٣و124.................................................. خۆزگە
٢٤و126................................................ چی بکەم
٢٦و128.................................................... تینوو
٢٧و129...................................................... گڕ
٢٨و130.............................................. گوڵ و دڕک
٢٩و131.. .........................................جوانیت
٣٠و132................................... نازدارێکی بە بێوێنە
٣٢و134................................. بەردی پاش بورکان
٣٣و135.........................................خۆشەویستی
٣٥و136................................ وولاتی خۆشەویستی
٣٧و137........................................ من کە دەمرم
٣٨و138....................................... تووڕە بوونت
٤٠و139................................... مێوانخانەی خەم
٤١و140.........................................پەیامی جەژن
٤٥و143..............................................خەیاڵی تۆ
٤٧و144.................................خۆری خۆشەویستی
٤٨و145.............................................خۆڵەمێش

٤٩و146......................................................شاگوڵ
٥٠و147........................................................ژووان
٥٢و148...........................................تۆی کە جوانی
٥٤و150...................................تۆ لە شیرت بڕیمەوە
٥٥و151.........................................................هەڵە
٥٦و152.........................................خۆشم ئەوێی
٥٧و153.........................................سەفەر مەکە
٥٩و154..............................................................تۆ
٦٠و155................................................من و تۆ
٦١و156......................................عیشق و سێدارە
٦٢و157..............................................................ڕق
٦٣و158...............................................داگیرکەر
٦٤و159.........................................لە نەبوونم
٦٦و160.........................................................چاوت
٦٨و161..........................یاسای جیهانی پەرییەکان
٦٩و162......................................گوڵێکی رەشپۆش
٧٠و163.............................................دڵی شەم

٧٢و165.......................................نازدارە درۆزنەکە
٧٤و166..............................................گەر دەتزانی
٧٦و167..........................................منیش عاشقم
٧٨و169.................................حسودی بە ئەلبووم
٨٠و171..................................................تۆ ویستن
٨٣و173...................................................خونچە
٨٥و174................................................قلیشی لێو
٨٧و176..........................................عشقێکی پاک
٩٠و178....................................................وورێنە
٩٤و181.................................................باسی یار
٩٨و184................................................دڵدزەکەم
١٠٠و186.....................هێرشی تاڵە قژە یاخییەکان
١٠٤و189......................................................خەم
١٩٠..................................................چاپکراوەکانم
١٩٣...............................................چاپنەکراوەکانم
٢٠٣.................................................. من کێم؟
٢٠٩.................................................. ناوەڕۆک